نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرکی ئیستۆنیا کەبووەوە

هەر لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشندا، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی 2025/2/14 نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەڕێز ئالار کاریس، سەرکی ئیستۆنیا کەبووەوە.

کەبوونەوەکە بە تاوتوێکردنی پێوەندییە دوولایەنەکانی نێوان ئیستۆنیا و عێراق و هەرێمی کوردستان بوو، هەروەها باسیان لە چێنیەتیی بەهێزکردنی هاوکاریی هاوبەش لە بوارەکانی ئاسایش، تەکنەلۆژیا و پەروەردەدا کرد.

نێچیرڤان بارزانی پێزانینی خۆی بە پشتگیریی ئیستۆنیا لە چوارچێوەی هاوپێیمانیەتیی نێودەوڵەتیدا بە بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر دەربڕی، هەروەها ستایشی دەرفەتەکانی هاوکاریی لە بواری تەکنەلۆژیا و خوێندنی باڵای نێوان هەردوولادا کرد.

لای خۆیەوە، سەرۆک ئالار کاریس خواستی ئیستۆنیای بە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و نێچیرڤان بارزانی بانگهێشت کرد بە سەردانی ئیستۆنیا، هەروەها ئاماژەی

بە گرنگیی هاوبەشی لە هووبەووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنییە هەرەمایەتییەکاندا، کرد.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەوەڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، پێشهاتەکانی عێراق و سووریا، لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.